# یادی ئەدیسۆن

## کارزان

بڕیارمدا وڵات جێنەهێڵم، ئەگەر وڵات من جێنەهێڵێ.. بە ئومێد بووین ڕاپەڕین ڕۆحێکی نەتەوەیی قووڵترو ڕەنگێکی جیاوازترمان پێببەخشێ، تا بیر لە نیشتمانێکی تر نەکەینەوە.. زۆری تریش.. بەچکەی ڕاپەڕین ئێستا لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییە، ئەگەر لە خوێندنگا بێت، دەرنەچووبێت.. عومرێکی درێژ بەسەر ئەم کەشە دیموکراسییەدا تێدەپەڕێ کە خۆیان ناویان ناوە (حزبەکان) 16 ساڵ جڵەوی دەسەڵاتمان گرتووە، بەڵام چیمان پێکردووە، ئێستایش پوورەکەم هەر بە جلیکانە ئاو دەهێنێ، بەداله تەلەفۆنییەکەی کفری ئەڵێی کاك فەتاحی( هەوارەڕەقە)یە کە شەش ساڵە معامەلەی کارگوزاری دەکات لە بەر ئەوەی کاك (هێن) ناناسێ دانەمەزراوە. دوای چوار ساڵی ئیستحقاقی خۆم لە دێیەکی عەرعەر ئاسادا سەرپەرشتیارێك پێیوتم لە شوێنێکی باش دامناویت، خودپەرستی نییە من وادەڵێم ئەمە بەشێکی ژیانی ئێمەیە لەم نیۆیۆرك ستییەدا، ئەمڕۆ لە سبەینێ دەچێ و سبەینێیش لە هەموو ڕۆژە هاتوو و ڕۆیشتووەکانم، خۆشیشە لە کفری دەردەچی و لە شوێنێکی تردا لێتدەپرسن: دەنگوباسی شارەکەتان؟ بەهەرحاڵ دەردوکەسەر زۆرن لوقمانەکانی ئەم وڵاتەش خەریکی دەردی خۆیانن..

گەنج بۆ کۆچدەکات؟ بۆ خۆی بە نامۆ دزانێت لە ماڵی خۆیدا؟ ئێمە بۆ بێزارین؟ هەموومان ئەم پرسیارانەمان لایە، بەڵام وەڵام و عیلاج زۆر بگۆیەکی بێعیلاجین! کارەبا ماشەڵا فوولەو باسی بڕینیش هەر مەکە، بۆ بازاڕ چۆڵە ئەزیزەکەم ئێمە هەر لە ماڵەوەین، دەچیتە کێتێبخانەی گشتی کفری فەرمانبەرەکان خەریکی باوەشێنن، دوو سپلیتیشیان هەیە! زۆر حەزیان لە کۆمپیوتەرە، (10) کۆمپیوتەریشیان هەیە، بەڵام کفنی لەسەرە! بە برادەرێکم وتم: چیت پێشنیارە بۆ حکومەت بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچ ئەویش جوانی وت، وتی: "ئەوان هیچ ناخوێننەو، ئەگەریش بیخوێننەوە نەیانخوێندۆتەوە". خزمێکمان تەلەفۆنی بۆ برایەکی کردبوو لە دەرەوە وتی: "دەنگوباسی سلێمانی" وتی وەڵا باشە.. وتی ئێوە کارەباتان هەیە؟ وتی بۆ؟ وتی: وەڵا لای ئێمە بڕاوە!! وتی ئەی ئێوە؟ وتی: ئێمە تەنها لە یادی ئەدیسۆندا یەك خولەك وڵات خامۆش دەکرێت، ئەویش بۆ ڕێزو خۆشەویستی ئەو پیاوەی کە هەموو دونیای ڕووناك کردەوە، وتی: وەڵا ئێمە هەموو ڕۆژێ یادی ئەدیسۆن دەکەینەوە.. منیش لە ڕووناکی چراکەی پێشمەوە تا گۆڕە تاریکەکەی ئەدیسۆن سڵاو.. ژیانی ئێمەش تاریکە وەك گۆڕەکەت..!